مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

# جوهر الصراع من منظور ابن خەلدون وصموئيل هنتنغتون

م.م.هيرو عبدالله عمر
heroabdulla25@gmail.com
وزارة التربيه
سامان عثمان عالى
saman.alee@soran.edu.iq
قسم تاريخ، كلية الاداب، جامعة سوران

ديار ماهر طاهر
باحث مستقل
diyarmahir8@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: الثقافة، المجتمع، الصراع، الحضارات.

**كيفية اقتباس البحث**

عمر , هيرو عبدالله , سامان عثمان عالى , ديار ماهر طاهر , جوهر الصراع من منظور ابن خەلدون وصموئيل هنتنغتون ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# جوهر الصراع من منظور ابن خهلدون وصموئيل هنتنغتون

# The Essence of Conflict from the Perspective of Ibn Khaldun and Samuel Huntington

**HERO ABDULLAH OMAR**
**Ass. Teacher/ Ministry of Education**
heroabdulla25@gmail.com

**SAMAN OTHMAN ALEE**
**Ass. Teacher/ History Department/ Collage of Art/ Soran University**
saman.alee@soran.edu.iq

**DIYAR MAHER TAHER**
**Independents Researcher**
diyarmahir8@gmail.com

**Keywords** : Culture, Society, Conflict, Civilizations.

**How To Cite This Article**
OMAR , HERO ABDULLAH , SAMAN OTHMAN ALEE ,DIYAR MAHER TAHER , The Essence of Conflict from the Perspective of Ibn Khaldun and Samuel Huntington ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

## Abstract

This study examines the conflict through different interpretations regarding the nature of civilizations and the factors leading to their rise and fall. Both Ibn Khaldun and Samuel Huntington emphasize fundamental bases upon which conflicts are built, showing that they remain alive in today's world, influencing human beings, cultures, societies, values, ideologies, behaviors, and even political entities, Ibn Khaldun argues that civilizations follow a cyclical pattern of growth and decline, driven by social cohesion (asabiyyah). He highlights the importance of group solidarity, shared values, and collective identity in

establishing strong civilizations, On the other hand, Samuel Huntington presents the "Clash of Civilizations" theory, stressing that conflicts in the modern world are mainly rooted in cultural and religious differences, shaping international relations, By comparing both theories, the research sheds light on their divergent interpretations of historical forces shaping global changes, providing valuable perspectives on cooperation and coexistence among different civilizations and societies. The analytical method was used as the most appropriate scientific method, while to compare the thoughts and views of the two thinkers, our research required a comparative method, as the most appropriate method to evaluate and present their common and different views The issue of conflict between the two. This research consists of one chapter and three discussions. In the chapter, after introducing and identifying the types of conflict, we present the essence of conflict. Then, the first chapter discusses cultural differences and the creation of conflict The common ground between Ibn Khaldun and Huntington on conflict is highlighted, and the third and final discussion presents the differences between the two thinkers on the essence of conflict.

الملخص

تتناول هذه الدراسة الصراع من خلال تفسيرات مختلفة لطبيعة الحضارات والعوامل التي تؤدي إلى نهوضها وسقوطها. لذلك يرى كل من ابن خهلدون وصموئيل هنتنغتون أن هناك قواعد أساسية يقوم عليها الصراع، وهذه القواعد ما زالت حي في عصرنا الراهن، حيث تؤثر في الإنسان والثقافة والمجتمع والقيم والإيديولوجيا والسلوك وحتى الكيانات السياسية، ابن خهلدون يعتقد أن الحضارات تسير وفق دورة تاريخية من النمو والانحطاط، ويعود ذلك إلى قوة العصبية والتماسك الاجتماعي. فقد ركز على دور التضامن الجماعي والقيم المشتركة والهوية الجمعية في بناء حضارات قوية، بينما طرح صموئيل هنتنغتون أطروحة "صدام الحضارات"، حيث اعتبر أن الصراعات في العالم المعاصر تنبع أساسا من الاختلافات الثقافية والدينية، التي تشكل العلاقات الدولية، ومن خلال المقارنة بين النظريتين، يوضح البحث تباين رؤيتهما للقوى التاريخية التي تحرك التغيرات العالمية، ويقدم منظورا مهما لفهم إمكانات التعاون والتعايش بين الحضارات والمجتمعات المختلفة. استُخدم المنهج التحليلي باعتباره المنهج العلمي الأنسب، بينما تطلبت مقارنة أفكار وآراء المفكرين منهجًا مقارنًا، باعتباره المنهج الأنسب لتقييم وعرض وجهات نظرهم المشتركة والمختلفة، ومسألة الصراع بينهما. يتألف هذا البحث من فصل واحد وثلاث مناقشات. في الفصل الأول، وبعد تقديم أنواع الصراع وتحديدها، نعرض جوهر الصراع. ثم يناقش الفصل الثاني الاختلافات الثقافية ونشوء الصراع. ويُسلط الضوء على نقاط التقاء ابن خلدون وهنتنغتون في فهم الصراع، بينما تُقدم المناقشة الثالثة والأخيرة الاختلافات بين المفكرين حول جوهر الصراع.

# کرۆکی ململانێ لەدیدی ئیبن خەلدون و ساموێل هەنتینگتۆنەوە

هێرۆ عبدالله عمر
مامۆستای یاریدەدەر، وە زارە تی پەروەردە
heroabdulla25@gmail.com

سامان عثمان عالی
مامۆستای یاریدەدەر، بە شی مێژوو، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران
saman.alee@soran.edu.iq

دیار ماهر طاهر
توێژەری سەربەخۆ
diyarmahir8@gmail.com

**پوختە:**

کرۆکی ململانێ لە دەوری تێڕوانینە جیاوازەکان لەبارەی سروشتی شارستانیەتەکان و ئەم هۆکارانەی کە سەرهەڵدان و دابەزینیان دەباتە پێشەوە. لەنێوان ئیبن خلدوون و ساموێل هەنتینگتۆن لەسەر کۆمەلێک پایە بناغە دەگرێت، ئەم بناغەی ململانێکانی لەسەر بنیاد دەنرێت تا ڕۆژگاری ئەمرۆمان وەک کرۆکێکی زیندوو بەرۆکی مرۆڤ و کەلتوور و کۆمەڵگا و بەهاکانی شارستانیەتیان گرتوو و کاریگەری لەسەر سروشتی ژیان و ئایدۆلۆژیا و ڕەفتاری مرۆڤ و تەنانەت یەکە سیاسیەکانیش جێهێشتووە، هەروەك سەلمێنراوە کە گەشەکردنی ئەزموونی مێژوویی لە دەرەنجامی گەشەی ئەقڵی مرۆڤەکان و درک پێکردنی ئەم هۆکارانەیە کە دەبنە بنەمایێك بۆ سەرهەلدانی ململانێ لەنێوان مرۆڤەکان لە تەواوی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، ئیبن خالدون، پێیوایە شارستانیەتەکان شێوازێکی جوڵەی خولگەیی گەشەکردن و دابەزین پەیرەو دەکەن، کە بەهۆی یەگگرتوویی کۆمەڵایەتی و بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە بزاوتن دا دەبن، جەختی لە ڕۆڵی هاوپشتی گرووپی و بەها هاوبەشەکان و هەستی هاوبەشی ناسنامە (دەرمارگیری) لە بنیاتنانی شارستانییەتە بەهێزەکاندا کردۆتەوە، لە لایەکی دیکەوە، ساموێل هەنتینگتۆن،"بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان"ی خستۆتەڕوو، ململانێی نێوان شارستانیەتەکانی لەسەر بنەمای جیاوازیی کولتووری و ئایینی بە سەرچاوەی سەرەکی ململانێی جیهانی بینیوە، تیۆری هەنتینگتۆن تەحەدای بیرۆکەی شارستانیەتێکی گشتگیر دەکات و ڕۆڵی جیاوازی و شوناسە کولتوورییەکان لە دارشتنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەخاتەڕوو، بە بەراوردێکی زانستیانە لە دیدی هەردوو بیرمەند ئیبن خالدون و ساموێل هەنتینگتۆندا هۆیە بنەڕەتیەکانی سەرهەڵدانی ململانێ دەخەینەڕوو، تیشك دەخەینە سەر تێڕوانینە جیاوازەکانیان لەبارەی ئەم هێزانەی مێژوو دەجوڵێنن و گۆڕانکاری جیهانی لە کۆمەلێک تیۆر شیکاری دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان سەرنجی لەسەر بەراوردکردنی تیۆرەکانیان دەبێت، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەم گرژی و ئاڵنگاریە بنەڕەتیانەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای مرۆی دەبنەوە و دیدگای گرنگ لەبارەی هاوکاری و چۆنیەتی پێکەوە ژیانی شارستانییەت و کۆمەڵگا جیاوازەکان دەخاتەڕوو.

كليله وشه: کەلتوور، کۆمەڵگا، ململانێ، شارستانیەکان.

## ١-١ پێشەکی :

کرۆکی ململانێ لە مێژوودا ڕەگ و ڕیشەی قوڵی داکوتاوە، جیاوازیە کلتوری و فەرهەنگیەکانی نێوان شارستانیەتەکان وای کردوە تێروانین و بیرو ڕای جیاواز دروست ببێت، بە تایبەت کاتێك تێڕوانینی چەند بیرمەندێك دەبنە بنەما بۆ قوڵبونەوە لەم ململانێیانەی کە بە درێژایی سەردەمە جیاوازەکان کاریگەری بەسەر سروشتی ژیانی مرۆڤەوە جێدێڵن، کە وا لە مرۆڤ دەکات لەگەڵ هەموو ئەو پەرەسەندنە سیاسیانە چۆن بتوانی پارێزگاری لەشوناس و مانەوەی میراتی پێشینانی خۆی بکات و بەردەوامی بە ژیان بدات.

گرنگی ئەم بابەتە لە بیربۆچوونی جیاواز و تیۆری هەریەك لە ئیبن خەلدون و ساموێل هەنتینگتۆنەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕوانگەیەوە و لە میانی بەراوردکردنی تیۆرەکانیان، جیاوازیی تێروانینی هەریەکەیان بۆ گەشە و هۆکاری بەریەکەوتنی شارستانیەتەکان دەخەینەڕوو. پرسیارەکانی تایبەت بەم توێژینەوەیە بریتین لە: بیرورای هەریەك لەم بیرمەندانە بۆ هۆیەکانی بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان چین؟ بیروبۆچونیان بۆ چۆنیەتی مانەوەی هەر کەلتورێك و گرنگترین خاڵە هابەش و ناکۆکان چین کە لە کەلتور و شارستانیەتەکاندا لە تێروانینی هەردوو بیرمەندەکە ڕەنگی داوەتەوە . لەم توێژینەوەیەدا بەمەبەستی شیکردنەوەی دید و بۆچونی هەریەك لە ئیبن خەلدون و هەنتینگتۆن، میتۆدی شیکاری وەك گونجاوترین میتۆدی زانستی بەکارهاتوە، لەهەمان کاتدا بۆ بەراوردکردنی هزر و تێروانینی هەردوو بیرمەندەکە توێژینەوەکەمان میتۆدی بەراوردکاری خواستووە، وەك لەبارترین میتۆد بۆ هەڵسەنگاندن و خستەڕووی تێروانینە هاوبەش و جیاوازەکانی پرسی ململانێ لە نێوان هەردووکیاندا.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی پێکهاتەوە لە دەروازەیەک و سێ باس پێکدێن، لە دەرەوازەکەدا دوای ناساندن و دەستنیشان کردنی جۆرەکانی ململانێ، کرۆکی ململانێ دەخەینەڕوو، پاشان لە باسی یەکەمدا جیاوازییە کەلتووریەکان و ئافراندنی ململانێ باس دەکرێت، دواتر لەباسی دووەمدا تێڕوانینە هاوبەشەکانی ئیبن خەلدون و هانتینگتۆن لەبارەی ململانێ وە ئاماژەی پێدەدرێت، لەباسی سێیەم و کۆتایشدا جیاوازی دیدی وبۆچونی نێوان هەردوو بیرمەندەکە لەبارەی کرۆکی ململانێیەوە دەخرێنەڕوو.

## ١-٢ دەوازە:

وشەی ململانێ لەزمانی عەرەبی بە (الصراع) بە واتای ململانێ لە زمانی کوردی دێت، دۆخێکە کە خاوەنەکەی لەهەوڵی چارەی دایە (ابن المنضور، ٢٠٠٣، ٢٣٤)، وشەی ململانێ چەندین وشەی هاوتای تری هەیە وەک (الخلاف النزاع، الشقاق ) کە بە واتای نەیارەبوون و کەرتبوونی بیرو بۆچوون و بەرژوەندییە و گەلێک ناکۆکی دێنێتەکایەوە(المومني، ٢٠٠٦، ٤١)، ململانێ لەفەرهەنگی خاڵ بە(ململانێ) هاتووە.(خال، ٢٠٠٥، ٤٥٠)لە زمانی فەرەنسیدا وشەی (con flit)بە واتای وشەی ململانێ دێت، لە زمانی ئینگلیزی دا وشەی (conflict) بۆ ململانێ بەکار دەهێنرێت کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە و لە وشەی (Confligere) وەرگیراوە، ئەم زاراوەیە مانای دۆخێکی گرفتار دەبەخشێت کە بەهۆی دوو تێروانین یان دوو بەرژەوەندی و دوو ئامانجی

دژ بەیەك لەمرۆڤێکدا یان لەنێوان چەند مرۆڤێکدا دروست دەبێت، (س.م.لحام و اخرون، ٢٠٠٤، ٧٥).

چەندین دید و بۆچونی جیاواز هەیە لەبارەی ململانێ، بەواتای بوونی ناکۆکییەکی بە بن بەست نەگەیشتوو لەنێوان تاکەکان یان کۆمەڵەکان لەبارەی چەند پرسێکی مادی یان سروشتی بێت (عسلي، ٢٠٠٩، ٤)، ململانێ سەرهەڵدانی ناکۆکیە لە نێوان دوو خواست و ئارەزوو ودوو ئامانج یان دوو هۆکار بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێك (رفاعي، ٢٠٠٣، ١٥؛ طاهر، ٢٠٢٣، ٣٢)، ئیبن خەلدون پێی وایە ململانێ شتێکی سورشتیە و بوونێکی حەتمییە (ئیبن خە لدون، ٢٠١٦، ١، ٤٨٢).

تێروانینی ئاینی ململانێ بۆ دوو جۆر دابەش دەکات، یەکەم ململانێی ئیسلامی کە ئامانج لێی چاکسازی و گۆڕانکاریە لە ڕەوشی گوزەران و ژیانی مرۆڤایەتی لە خراپەوە بۆ چاکە بە ڕێنوێنی کردنی مرۆڤەکان لە خراپەوە بەرەو چاکە و ئاڕاستە کردنیان بەرەو ڕێگای ڕاست، جۆری دووەم بریتیە لە ململانێی نێوان نا دووبەرەی ناکۆک، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیە دونیایی و مادیەکان و بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا ڕوودەدات،( همزة، ١٩٨٩، ٢١، ٢٢)، بەگوێرەی ئەم تێگەیشتنە بۆ وشەی ململانێ، بە پێویستی دەزانین شیکردنەوە بۆ جۆری دووەم بکەین، هەروەک هەنتینگتۆن پێی وایە ململانێ لەئەنجامی پەیوەندییەکان و بەیەکدادانی کەلتوورەکانەوە ڕوودەدات( هەنتینگتۆن، ب.س، ٣٠)، ململانێ وشەیەکە بۆ گوزارشتکردن لە ئامانجەکان و هێنانەدی ئامانجێك دژ بە ئامانجێکی تر کە لەسەر ئاستی تاك یان لەسەر ئاستی کەسەکان و کۆمەڵەکان ڕوودەدات، (رفاعي، ١٩٨٠، ٩٠).

هەروەك ڕون و ئاشکرایە شارستانیەتەکان لەتایبەتمەندی جیاوازەوە هاتۆنەتەوە ئاراوە، ئەم جیاوازیانەش فاکتەری سەرەکی ململانێیەکانن (هەنتینگتۆن، ب.س، ١٨)، هەموو ململانێیەکیش بۆ زاڵبوونە بەسەر ئەوانیتردا (ئیبن خە لدون ، ٢٠١٦، ١، ٣٦٧)، ململانێ لەلایەك لەنێوان کەس و کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵگا ڕوودەدات کە هەریەکێکیان دەیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست و کاریگەریی بەسەردا بێنێتە ئاراوە، لەلایەکی تر لەنێوان دەسەڵات و ئەو هاوڵاتییانەیە کە بەرهەڵستی دەسەڵات دەکەن، دەسەڵاتیش بە گشتی لە بەرژەوەندیی دەستە و کۆمەڵە و چینێکی دیاریکراوە(دوفرجیه، د. س، ١٧)، مێژوو نەخشە ڕێژی بیرکردنەوەکان و تۆماری تێروانینە جیاوازەکانە کە ئەمەش هۆکاری درێژە پێدانی ململانێ و زیندوویەتییانە (Sullivan,2024, 20)، مێژووش ئەم ڕاستیەی سەلماندووە کاتێك ململانێکان ڕوودەدەن، هێزێکی گەورە و خاوەن هەژموون هەوڵدەدات هێزێکی لاواز بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە (هەنتینگتۆن، ب. س،٢٥).

**١-٣ باسی یەکەم/ جیاوازیە کەلتوورییەکان و ململانێی ئافراندن:**

بەدرێژای مێژوو لێك نەگەشتن و گرژی نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان هەبووە، جیاوازی زمان و داب ونەریت و شێوازی ژیان هۆیێکی گرنگی ململانێکان بوون، ئەم ململانێیانە لە پرسێکی ڕەگداکوتاوی قوڵەوە سەرچاوەی گرتووە، وەک ململانێی لەسەر دەسەڵات، سەپاندنی هەژموونی دەسەڵاتداری بەسەر ئەوانی تردا، ناڕەزایەتیی بەهۆی جیاوازی میراتە مێژووییەکان و جیاوازیە کولتووریە بنەڕەتییەکان، کە ئەم جیاوازییە کولتوورییانە بەربەستن لەبەردەم لێکتێگەیشتن، پەیوەندیکردن و هاریکاریدا دروست دەکەن و ناکۆکیەکان فراوانتر دەکەن، کە لەبنەڕەتدا مەیلی دابەشبوون و ململانێ بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە(هەنتینگتۆن،ب.س،٢٥).

گەر لە مێژوو وردبینەوە یاسای گۆڕانكاریی لە گوزراندا بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە كە سەرچاوەی ململانێ ئافراندن و هەروەها جیاكردنەوەی كەلتوورەكانیشن( ئیبن خەلدون ٢٠١٦ ، ١، ١٨٧، ١٩٨ ٣٤٤، ٣٦٦، ٤٠٣ ٤١٧)، ڕوودانی گۆڕانكاری شتێكی حەتمییە و نەبوونی گۆڕانكاریش دەگمەنە، مێژوو گەواهیدەری ئەم گۆڕانكارییانەیە، كە لە گوزرانی ناوەندە سیاسییەكان لە مێژووی مرۆڤایەتی ڕوودەدەن و ڕویانداوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٥٦-٣٥٧-٣٥٨ ٣٦٧-٣٦٨-٣٧٠-٣٧١)، هەنتینگتۆن جەخت لەهەمان خاڵ دەكاتەوە، پێی وایە گۆڕانكاری حەتمی مێژووییە بەڵام پێشكەوتن دوای گۆڕانكاری شتێكی حەتمی نیە لە كۆمەڵگا مرۆییەكاندا(هەنتینگتۆن، ب.س،٢٤).

لەدیدی ئیبن خەلدوندا مانەوە و پرۆسەی درێژە پێدانی هەر كەلتوورێک پەیوەستە بە چۆنیەتی سەپاندنی دادگەر و چەندیەتی سووربوون لەسەر ئەم بابەتە، كە سەلمێنەری زاڵیەتی كەلتوورەكە و مانەوەی ناوەندە سیاسییەكە درێژە پێدەدات و دەی پارێزێت، چونكە ئەمانە بەكار كردارییەكان دەژمێردرێن و دەبن بە كەلتور و میرات بۆنەوەكان(ئیبن خە لدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٧)، بە بڕوای ئەو شتێكی سروشتیە نەوەكان گەورەییان بگەڕێننەوە سەر خەسڵەتی پێشینان(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٧١)، كاتێك كەوتۆتە ژێر كاریگەریی مێژووی پێشینانی خۆی، چاولێكەری بە یەكێک لە سروشتەكانی مرۆڤ زانیوە ، كە لە تەمەنی منداڵیەوە لە باوک دەستپێدەكات تا كۆی پرسەكان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٠٢، ٤٠٤)، ئەمەش كەلتوورێكی كردارییە درێژە پێدەر و مانەوەیە، بەڵام گەر كردارەكان بۆ شتە شكلییەكان ئەو خالەیەكە جیاوازیە كەلتوورییەكان دەبنە هەرەسەی ناوەندی سیاسی و زۆر كاریگەریش لەسەر شارستانیەت، چونكە نەبونی پەیوەندی كاریگەر و جیاوازی كولتووری و لێكدانەوەی هەڵە دەبنە هۆی ناكۆكی لە نێوان كۆمەڵگا و كەلتورەكاندا، كە تۆوی بێمتمانەیی و دوژمنایەتی دەچێنێت و گرژییەكان زیاتر پەرە پێدەدات و چارەسەركردنی ناكۆكییەكان بە شێوەیەكی ئاشتیانە ئاستەم دەكات (Tamburaka,1999,77) نایەكسانی لە سامان هەستی ناڕەزایی و پەراوێزخستن و نا دادپەروەری لە نێوان گروپە جیاوازەكانی كۆمەڵگاكاندا دروست دەكات، (Barki, 2004, 218) ئەمەش ئەم خاڵەیە كە پێكدادانی كەلتوورەكانی تیایدا سەرهەڵدەدات (هەنتینگتۆن، ب.س، ٢٠)، هەنتینگتۆن بڕوای وایە شارستانییەتەكان خێڵی مرۆیین و پێكدادانی شارستانییەتەكانیش پێكدادانی خێڵەكانە لە ئاستی جیهانیدا (هەنتینگتۆن، ب.س،١٧٣)، بەڵام بەبڕوای ئیبن خەلدون سروشتی دروستبوونی كۆمەڵگا بەجۆرێكە كە خەڵك پێویستیان بە هاوكاری یەكترە و سەرەكیترین پێداویستیان خودی پێداویستیە ئابوورییەكانن (ئیبن خە لدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٧، ٣٤٣، ٣٤٤)، چونكە ئابووری هۆیێكی سەرەكیە و كاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ڕەوشی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەفتاری مرۆڤەكانە جێهێشتووە، ئەمەش جیاوازیی كۆمەڵگاكان و جیاوازی هێلەكانی كەلتوور و شارستانیەتەكانیش دەكێشت(الدوری، ب.س، ص ٣٦)، ململانێكان لەسەر هێز و هێزی ئابووری و شوێنگەی جوگرافیەوە پایە دەگرن(Bialoskorski, 2019, 7 ).

كرۆكی جیاوازیە كەلتوورییەكان كرۆكی یەكلاكرنەوەی ململانێكانە، كە بریتیە لە زاڵیەتی ناوەندێكی پشت بەستوو بە سوپاوە، سوپاش بە دارایەو بەندە كە بناغەی ئاوەدانییە، ئاوەدانیش لەبنەڕەتدا ئافراندنی جیاوازیە كەلتووری و شارستانیەتەكانی لێدەكەوێتەوە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٧)، كاتێك كەلتووری ناوەندی گەشەدەكات ئەمانەی هاوبەشی كەلتووریان لەنێواندا هەیە دەتوانن بە ئاسانی پەیوەندیەكانیان پەرەپێبدەن، وڵاتێكی ناوەندی

ئەم کاتە دەتوانێت هێز بەکاربهێنیت کاتێك وڵاتە وابوستەکانی بە هاوپەیوەند و خزمی کولتووری خۆیانی لە قەڵەم بدەن، کاتێك شارستانیەکان وڵاتی ناوەندیان نەبێت پێکهێنانی سیستەم لەم شارستانیانە و گفتوگۆ کردن لە نێوانیاندا سەخت دەبێت، لێرەوە جیاوازییە کەلتوورییەکان و ململانێ ئافراندن سەرهەڵدەدەن و کێشە و گرفت لەبنەما کەلتوورییەکان درێژە بەبوونی خۆیان دەدەن(هەنتینگتۆن، ب.س،١٣٣).

ئەم وڵاتانەی کولتووری جیاوازیان هەیە لێك دادەبڕێن (هەنتینگتۆن، ب.س،١٠٧)، لەبارەی ئافراندنی جیاوازییەکەلتوورییەکانەوە تێڕوانینی ئیبن خەلدون زۆر نزیکە لە هەنتینگتۆن، کە پێی وایە هاوبەشە کەلتوورییەکان هەستێکە تیایدا هەمووان خۆیان لە پایە و شکۆمەندییەوە دەبینن، وەك چەترێك لە سە ری کۆکن، لە هەمان کاتدا یە کسانیکردنی هەمووان بۆ مانەوە و وازهێنان و خاوەنداری لێکردنە، ئەمەش ئە رکی پێشەنگەکانە لە پاراستنی هاوبەشە کەلتوورییەکاندا، کە ئیبن خەلدون بەدەمارگیری ناوی دێنێت(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٩٣)، بە درێژایی مێژوو بینیومانە ڕابەرانی ولاتان هەڵیانداوە حاشا لە میراتی کولتووری خویان بکەن و ئاراستە بگۆڕن بەرەو شوناسی ئەوەی تریان، بەڵام ئەمە تاکو ئێستا سەرکەوتوو نەبووە تەنانەت وڵاتی لێکترازاوی پێکهێناوە(هەنتینگتۆن، ب.س، ٢٤٦).

خەڵکی ئەم وڵات و کۆمەڵگانەی کە کەلتووری هاوشێوەیان هەیە، بەیەکەوە پەیوەست دەبن، بەڵام ئەم وڵاتانەی کولتووری جیاوازیان هەیە لەیەکتر دادەبڕێن(هەنتینگتۆن، ب.س،١٠٧)، واتا جیاوازییە کەلتوورییەکان هۆی بنەڕەتی ململانێکانن لەنێوان کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، چونکە هێزەکانی مرۆڤ پەراگەندەن، مرۆڤە هاوکەلتوورەکان لەبارەی هێزەوە هاوبەشی یەکتر دەکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ١١٦)، بەم هۆیەوە مرۆڤ لەپێناویدا لە هەوڵی بێ وچاندایە (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٩٠)، خودی ململانێ بەڵگەیە بۆ هەبوونی جیاوازی و گۆڕانکاریی لە ژێرخان و سەرخانی چەند لایەنێکی کۆمەڵە مرۆییەکانەوە، ئەمە جگە لە بوونی گۆڕانکاری لە تێڕوانینە نوێیەکانەوە(هەنتینگتۆن، ب.س، ١٢٠؛ هلال، ١٩٩٦، ١٤)، ئەمانەی دەکەونە ململانێ لەسەر ئاستی ڕەگەزی و دەمارگیریەوە، ئەم ململانێیانە وەک مافێکی ڕەوای بەرگریکردن دەبینن و دەچنە کێبڕکێ لەبەرامبەر ئەم هێزەی دەیەوێت دەستەمۆیان بکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٧١؛ عامر، ب.س، ٣٥٠).

ململانێ کۆمەڵێک تێڕوانینە لەمەڕ کۆمەڵێک بەرژوەندی لە نێوان گروپە مرۆییەکاندا کە هەریەکیان خاوەنداری کەلتوورێک دەکات( عبداللطیف، ٢٠٠٧، ٣٣٠)، لەهەمان کاتدا هۆیێکی سەرەکی بوونی بەرژوەندیەکانە، کەوایە ئاراستەی کەلتووری جیاواز بوونی هەیە (Brodic, 1973, 335,338)، ئەمانەی لە ململانێدان لە کێبڕکێی خۆ بە هێزکردنیش دان، کەواتە جیاوازی کەلتووری هۆیێکی دابەش بوونە، کە وادەکات جیاوازییەکان زەقتر بن و ململانێکان قوڵتر ببنەوە( هەنتینگتۆن، ب.س، ١٢٠؛ الشیشکلي، ١٩٨٤، ٣٢)، هیچ یاسایەک نیە بتوانێت ململانێکانی بێ سنور دار بکرێت تەنانەت لە ناوخۆشدا( عتلم، ٢٠٠٦، ٤٢)، بەشێکی ململانێکان لە خاڵی بەریەککەوتن بەیەکدەگەن (أبو الوفا، ب، س، ٧٤٣ )، بەدرێژایی مێژوو جیاوازییە کولتوورییەکان بەردەوام بووە، زۆرجار ناکۆکی لە ئەنجامی جیاوازی لێکتێگەیشتن و جیهانبینی و پێکدادانی بەهاکانەوە سەریهەڵداوە، ئەم گرژییە لە بیروباوەڕ و نەریتە جۆراوجۆرەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە نێو کولتوورە جیاوازەکاندا بوونیان هەبووە، لە ڕووی مێژوویشەوە ئەم ململانێیانەی لە جیاوازییە کولتوورییەکانەوە سەریان هەڵداوە لە دەرەنجامی بارودۆخی شەڕێکی ئایینی و ئابووری بووە، کە زۆرجار لە دەوری

پرسەکانی دەسەڵات، شوناس، بەها کۆمەڵایەتیەکان خۆیان دەنوێنن و جەخت لەسەر گرنگی تێگەیشتن و ڕێزگرتن لە کولتوورە جۆراوجۆرەکان دەکەنەوە.

**١-٤ باسی دووەم/ تێڕوانینە هاوبەشەکانی نێوان ئیبن خەلدون و هەنتینتگتۆن لەبارەی ململانێ وە:**

هاوبەشە کولتورییەکان ڕەوایی دەبەخشن (هەنتینگتۆن، ب.س،١٣٢)، ئیبن خەلدون پێی وایە هاوبەشە کولتورییەکان مرۆڤەکان دەجولێنن، بەبڕوای ئەو شتێکی سروشتیە کاتێك کەلتوور وەک میراتێک بۆنەوەکان دەگوازرێتەوە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٦٦، ٣٧١)، ئەمەش هەمان ڕای هەنتینگتۆنە کە پێی وایە میرات کاریگەری قولی لەسەر تاک و کۆمەلگاکان هەیە (هەنتینگتۆن، ب.س،١٣١)، میراتێك کە کۆمەلێک نەریت و زمان و بەهای کەلتووری لەخۆدەگرێت، کەواتە کەلتووری بنیراو نەبینراو ڕۆل دەگرێن لە سەرهەلّدانی ململانێیەکان کە لەڕوانگەی ئیبن خەلدونەوە زیاتر کاریگەری خۆی دەرخستووە، لە تێڕوانینی ئەودا دەستپێکی ململانێ لەئەدای دەسەلات خۆی وێنادەکات و کێبڕکێ و ململانێ لە بچوکترین پایەی دەسەلات پێ دەگرێت بۆ بەرزترین پایەی بەریەکـەوتنی کەلتوورەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٧١ )، زۆرجار ململانێ مێژوویە کولتوورییەکان بەهۆی دەسەلات و هەولّدان بۆ سەپاندنی کولتوورێک بەسەر کولتوورێکی دیکەدا سووتەمەنییان پێدراوە، ململانێ بە پلەی یەکەم پێکدادانی دوو کولتوورە نەک دوو چینی کۆمەلایەتی، ئەمەش پرسێکی ئالۆز و فرەلایەنە، بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و پێکهاتە کۆمەلایەتییەکان، دیدگای جیاواز دەخەینەڕوو بۆ پشتگیریکردن لەم تێڕوانینەی کە پێی وایە ململانێکان ڕەگیان لە جیاوازییە کولتوورییەکاندایە، وکە بەتەنیا نایەکسانی ئابووری نیە، چونکە پێکدادان لەبنەڕەتدا پێکدادانی دوو کەلتوورە نەک دووچینی جیاوازی کۆمەلایەتی(هەنتینگتۆن، ب.س،٢٠).

بەشێوەکی گشتی لە بارەی شارستانیەتەوە ئیبن خەلدون پێی وایە شارستانیەت لەسورێکی هاوشێوەی ژیانی مرۆڤ بەڕێوەدەچێت و گۆڕانکارییەکانی هاوشێوەی ژیانی مرۆڤایەتین، (ئیبن خالدون، ٢٠١٦، ١ ، ٣٣٩ - ٣٤٠-٣٤١)، هەنتینگتۆنیش هەمان ڕای نزیکی هەیە و لە دیدی ئەودا تێکرای شارستانییەکان پرۆسەیەکی هاوشێوە لە هەلّاتن و پێگەیشتن و پاشان ئاوابوون تێدەپەڕێن (هەنتینگتۆن، ب.س، ٢٥٣)، سەبارەت بە ناوەڕۆکی شارستانیەت ئیبن خەلدون پێی وایە مێژوو سەلماندوویەتی لە هەر شوێنێك دەوڵەت و دەسەڵات نەبێت، گەشەسەندنی هەمەلایەنی تیادا بادی ناکرێت. وەك ڕوون و ئاشکرایە ئاوەدانی بێ دەوڵەت نابێت، لەم شوێنە شڵەژاوی هەیە، کە دەوڵەت بوونی نییە، ململانێ بەردەوام لە جێگەی ئارامی جێگیر دەبێت کاتێك کە ئاوەدانی نەبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦ ، ٢، ١٠٣)، لەم ڕوانگەیەوە ئیبن خەلدون جیهان بە بیستانێک دەچوێنێت، کە دیوارەکەی دەوڵەتە، دەوڵەتیش هێزێکە، کە دەستوور و نەریتی پێ زیندوو دەبێتەوە، دەستووریش سیاسەتێکە، کە دەسەڵات جێبەجێ دەکات و دەسەڵاتیش شتێکە، کە سوپا هاوکاریەتی، سوپاش ژیانی زامن کراوە و سەروەت و سامانی خەڵکی دەپارێزێت، سەروەت و سامانیش شتێکە خەڵکی فەراهەمی دەکات و دادگەریش پارێزگاری لێ دەکات، هەموو ئەوانەشی دەوڵەت وەک میراتگری سوودی لێ دەبینی کەلتوورە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٨ )ئەمە جگەلەوەی دەوڵەت و پاشایەتیی وەك بازاڕی جیهان وایە، کە سەرمایە، زانست و هونەرەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە، لە ناویدا بەدوای داناییە ونبووەکان دەگەڕێن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٥٥).

بوونی جیاوازی لەنێوان دانیشتووانی ناوچەیەك وا دەكات دانیشتوانەكە بەئاسانی دەستی بەسەر دابگیرێت، چونکە ناڕازییەکان هەوڵی لایەنگیری هێزی نوێ دەدەن و دژی هەژموونی هێزەکۆنەکانن، لە نەبوونی بناغەی سیاسی جێگیر و خاوەن ستراتیژدا هەمیشە بۆشای سیاسی بەرۆکی ئەو هێزانە دەگرێ، کە لەم ڕووەوە کەلێنیان هەبووە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ٣٣ )، هەنتینگتۆنیش بەشێکی دیدەکانی زۆر لە دیدی ئیبن خلدوون دەچن کە پێی وایە شارستانیانە بەو جۆرەی لە توخمی جۆر بە جۆری شارستانیەکاندا بەری پەیدا دەبن هەموو ئەوانەش دەوڵەت وەک ناوەندی شارستانی دەگاتە دوا ڕادەی خۆی و چەرخی زێرینی ناکار، هونەر ئەدەب فەلسەفە و داهێنان و ئابووری و شایستەیی سیاسی پێك دەهێنێ، بەڵام ئەو کاتەی شارستانییە بەرەو ئاوابوون دەچێت، کە دەوڵەتە نا شایستەکان وەک ناوەندی شارستانیەتن ئاستی شارستانیەتیشی کەم دەبێتەوە تا ئەو کاتەی بەهۆی پەلاماری شارستانیەکیتر یان شەپۆلێکی خروشا و دەسردرێتەوە، یا خود دەبێتە ئاستێکی نزمی شارستانیەتێکی دیکە(هەنتینگتۆن، ب.س،٢٦٨،٢٦٩).

پێکدادانەکان لەناو شارستانیەکاندا ڕوو دەدەن، کە دەوڵەتەکان بە نێونەرایەتی کەلتووری جیاوازی شارستانیەتەکان سەکردایەتی دەکات و لە وانە یەپەیوەندی نێوان دەوڵەت و گروپەکان لە سنووره هەڵەکاندا جیاوازبێت لەگەڵ پەیوەندی نێوان ولاتانی ناوەندی هەمان شارستانیدا (هەنتینگتۆن، ب.س، ١٩٨)، ناوەندی ململانێ ئەوەیە کە هەموو شارستانیەتێک خۆی بەناوەندی جیهان دەزانێ، ئەم وێنەیەش لەڕێگای دەوڵەتەوە خۆی نیشاندەدات وبەم شێوەیەش مێژوو و سەربوردەی خۆی تۆمار دەکات( هانتینتگتۆن، ب.س، ٤٩)، لەلایەکی تر هەنتینگتۆن و ئیبن خەلدونیش هەمان ڕوانگەیان هەیە، هەنتینگتۆن پێی وایە شەڕی نێوان ئایینەکان، خێڵەکان گروپە ئەتنی و کۆمەڵگەی ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەموو شارستانی و هەموو سەردەمێکدا باوبووە و هۆیەکەی دەگەڕایەوە بۆ شوناسەکان، ئەم پیکدادانانە بەرە و توندوتیژی و خوێن ڕشتن دەڕۆن (هەنتینگتۆن، ب.س ٢٠٤، ).

ئاینە گەورەکان کرۆکی شارستانیەتەکانن(هانتینگتۆن، ب.س، ٤٢)، چونکە جیاوازییەکان لەسەر ئاین و زمان بنیاتدەنرێن، هەرئاینیک پەیامێکی جیهانی هەبێت دەبێ زمانێکی جیهانی هەبێت (هانتینتگتۆن، ب.س، ٥٤)، کەوایە کرۆکی ململانێ کرۆکێکی ئاینی و شوناسیە (هانتینتگتۆن، ب.س، ٥٧، ٥٨)، وڵاتانیش دەیانەوێت لەگەڵ وڵاتە هاوکەلتووریەکانی خۆیاندا یەکگرن، تا لەبەرامبەر ر ئەو وڵاتانەی کولتووری جیاوازیان هەیە هاوسەنگی دروست بکەن. بەتایبەتی ئەمە بۆ وڵاتە ناوەندییەکان ڕاستە، کە هێزی ئەم حکومەتانە وڵاتە هاوبەشە کولتووریەکان ڕادەکێشێت و وڵاتە جیاوازە کانیش ڕەتدەکاتەوە، وڵاتانی ناوەندی ڕەنگە لەبەر هۆییە ئەمنییەکان هەوڵبدەن تا خەڵکی شارستانیەکانیتر تێکەڵ بەخۆیان بکەن یاخود بەسەریاندا باڵا دەست بن(هەنتینگتۆن، ب.س،١٣١)، هەنتینگتۆن بە قوڵیەوە لەسەر ئەم بابەتەوە دەوستێت و پێی وایە شارستانیەت و کەلتوور پەیوەستن بە شێوەی ژیانی مرۆڤەوە و شارستانیەت لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینەکان سەری هەڵداوە و لەگەشەکردندا بووە(هانتینگتۆن، ب.س، ٣٥)، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئائینی ئیسلام بە هێزی شمشێر بڵاوبۆتەوە نەک بە قایلکردن(مدانی، ٢٠١٦، ٢٥٧).

جێگەی ئاماژەیە ئیبن خەلدون بە تێگەیشتن لە دۆخی قۆناغی خۆی شیکردنەوەیەکی تایبەت و هاو واتا لەگەڵ هانتینتگتۆن دەکات، دەسپێکی شیکردنەوەکەی بە دەوڵەت دەستپێدەکات، سوپا و دارایی بەپایە سەرەکیەکانی دەوڵەت سەیر دەکات کە دەسەڵاتدار پێویستی دەسەڵات و

خەڵکەکەی پێ دابین دەکات، نەبوونی ناوەندی شارستانی لەڕێگەی ئەم دووانە دەبێت، ئاینیش خاوەن هەژموونێکی بەهێزی ڕوحییە کە ئاراستەکردن و مانەوە و زاڵبونیشە (ئیبن خەلدون، موقدیمە، ب ١، ١٧٠، ٦٩٥)، چونکە ئاین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەیشتن بەناوەندی شارستانیەتی لەلای هێزەکان، بەهۆی دەمارگیرییێکی بەهێزەوە بۆ کۆکردنەوە و ملکەچبوونی خەڵك و ئاراستەکردنیان، ئایین ڕێز و گەورەیی لە ناو دەوروبەر بۆ ئەو دەسەڵاتدارە دەهێنیت، کە دەیەوێت دەستی پێوە بگرێت و پایە بەرزی بکات، شان و شکۆی دەوڵەتیش دەپارێزێت و کەلتوور دەکاتە میرات بۆ نەوەکانی دوایی (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٦٩، ٤١٣).

ئایین دەبێتە هۆیێکی تەواو گرنگ تا بتوانێت خەڵکی کۆبکاتەوە و بەشێکی زۆری چوارچێوە کەلتوورییەکان دابڕێژێت، دەسەڵاتیش لە ڕێگەی ئایین پیرۆز دەکرا، گوێڕایەڵیش بۆ فەرمانە ئاینیەکان ئەرکە و لێ دەرچوونیش یاخیبوون و لاساری یە، چونکە ئایین و پیرۆزی بەدوای یەکتر دادێن، دەوڵەتیش سود لەوە وەردەگرێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٢٤؛ مالرۆب، ٢٠٠٦، ١٢)، ئەم پیرۆزییەش دەخرێتە خزمەتی سیاسەت. پیرۆزکردنیش خودی هەژموونگەراییە کە ناوەندی شارستانیەت پێویستیەتی، چونکە لە حەقیقەتدا دەسەڵات هێزی زاڵبوونە بەسەر ئەم بوارەدا، هەموو ناوەندەکانیش سوودیان لە بیروباوەڕ وەردەگرت بە تایبەتی بیروباوەڕی ئایینی کە پەیوەندییێکی ڕەهای بە کۆمەڵگاوە هەیە، جگە لەوەش کەسەکانیش گەر ناوەندیەتی خۆیان بنیاد بنێن پێویستییان بەم هەنگاو هەڵگرتنەیە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٢٩ - ٤٣٠)، چونکە لە بنەڕەتدا ئایین بۆخۆی کێبڕکێ لەنێوان دەمارگیرەکان ناهێڵێت هەموویان لەسەر حەق و ڕاست کۆ دەکاتەوە، بۆیە هیچ سیفەتێك هێندەی ئیمانداری دەسەڵاتدار کاریگەر نییە بۆ ڕاکێشانی سۆزی گشتی، چونکە خەڵکی گشتی بە چاوەکانیان حکووم دەدەن ئەوەش ئەو ڕێگەیە،(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٢٦-٤٢٧).

ئایین بە هۆیەکی گرنگی ناوەندی شارستانیەت و هێزەکان دادەنرێت، کە بتوانن بەڵگە بۆ بەهێزبوونی خۆیان دروست بکەن، پاساوێکیش بدەن بەو هەست و وروژاندنی خەڵکی، تا بتوانن خەڵکی دژەخۆیان پێ بە لەرێ لادەر و یاخی دابنێن، هەروەها خەلکیش لە دەوریی یەک ناوەندی شارستانیەتی کۆبکەنەوە لە هەمان کاتیشدا دەسەڵات و پیرۆزی و ڕەچەڵەکی ئاوێتە بکەن، تا هیچ کەس و لایەنێك هێزی شکاندنی ئەوانی نەبێت، ناوەندەکانی دەسەڵات ناوەندی ئایینین، ئایین هۆیێکی گرنگ بووە تا هێزەکان وەکو پاساوێك لە بەرژوەندی بەهێزکردنی خۆیان و بەکەنارکردنی هێزەکانی تربەکاری بهێنن، بە هۆی ئایینەوە ڕەوایەتی هەر کردارێك بەدەست بخەن(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١ ،٣٦٧، ٤٢٩ - ٤٣٠)، هاوبەشی گرنگ لە نێوان تێڕوانینی ئیبن خەلدون و هەنتینگتۆندا هەیە لەمەڕ زۆرێک لەم پرسانەی هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و بەردەوامی پێ دەدەن و پرۆسەکە بەزیندوویەتی خۆی ڕادەگرن، ئەمەش لەڕوی زانستیەوە پێکانی بەشێکی زۆری پرسە گرنگەکان و دەرخەری هزرەکانیانە.

## ١-٥ باسی سێیەم/ جیاوازی دید و بۆچونەکانی ئیبن خەلدون و هەنتینگتۆن لەسەر کرۆکی ململانێوە:

لەبەراوردی بابەتەکانی تردا چەندین هاوبەشی لەدیدی هەردوو بریاردەر ڕوون بوویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی ململانێ چەمکێکی سادەنیە، خاوەن ئالۆزیەکی واتادارە، ئالۆزیێك کە بەهۆی جیاوازی قۆناغەکان و دونیا بینی و شێوازی ژیانیان یاخود هەرهۆیەکی دی بێت،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

جیاوازی لەدید بۆچونی هەردوو بیرمەند دا خولقاندووە، ، شتێکی سروشتییە کەوا خودی ململانێ بابەتێکی زیندووە،لەگەڵ گەشەی ئەقلی و پەیداکردنی مەعریفەی ئەزموونی مرۆڤاکان گرنگی خۆی نوێ دەکاتەوە، چونکە دەیان تێڕانینی تری جیاواز لەمەر ئەم بابەتەوە هەیە، بۆیە ململانێ لەسەر بنەمای تێڕوانینە جیاوازەکان سەرهەڵدەدات
(Liliweri, 2009, 39).

لەسەرەتایی مێژوودا ململانێ سەرەتای دەسپێکردن و بەکارهێنان و دەستتێوەردانی کۆمەڵێک بەرژوەندیدار بووە(العنزي، ٢٠١٤، ٢٠)، بەدرێژایی مێژوو تەواوی کۆمەڵگاکان خاوەنی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ و بەهای جیاوازن، کە دەتوانن لەگەڵ یەکتردا لە ناکۆکی و ململانێ دابن. ئەم جیاوازییانە دەتوانرێت ببێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و هەڵاوردن و تەنانەت توندوتیژی، کاتێک گروپەکان خاوەن ئایدۆلۆژیای دژ بەیەک بەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا هەیە(Hasrullah, 2009, 52)، ئەمەش ئافرێنەری پەیوەندی نادروستە دەتوانێت تۆوی بێمتمانەیی و دوژمنایەتی زیاتر بچێنێت، میراتێک لە گرژییەکان لە دوای خۆی بۆ نەوەکانی داهاتوو جێبهێڵێ کە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیش بە شێوەیەکی ئاشتیانە قورستر دەکات، بەهۆی ئەم ڕەگە میراتیەوە (Tamburaka,1999, 77) ، بەمەش دەستێوەردانی دەرەکی دەتوانێت گرژییەکانی بەمیرات بوو خراپتر بکات، ململانێکان بقۆزێتەوە، یان دەستکاری داینامیکی ناوخۆیی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکات(Sudrijanta, 2009, 33).

ململانێی دەسەڵات لە نێوان گروپە جیاوازەکان یان نەتەوەکاندا دەتوانێت پەرە بسەنێت بۆ ململانێ، چونکە هەریەکەیان هەوڵدەدەن کاریگەرییەکانی خۆیان بپارێزن یان فراوانتر بکەن لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، بە بەراوردی هەنتینگتۆن، تێڕوانینی ئیبن خەلدون بۆ ئەم بابەتە قوڵترە لە پێویستی کە هۆی دروستبوونی سەرەکی کۆمەڵگانە، بەڵام پایەی ئەمانە گۆڕانکارییە لە پرۆسەیەکی خوێنی کەناوی لێ دەنێت دەمارگیری، ئەم هۆکارە خاڵی بەریککەوتن و خاڵی ئالێنگارییە. لەهەمان کاتدا پرۆسەی بەردەوامی بوون لەلای ئیبن خەلدون لەم خاڵە سەرچاوە دەگرێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٤٤، ٣٥٢، ٣٥٧) ،هەروەک ئیبن خەلدون ئاماژەی بۆ دەکات و لە دیدی ئەودا گەیشتن بەناوەند بەهۆی دەمارگیرییەوە بە دیدێت، ئەوا گەیشتن بە ناوەند و لە دەستدانی ناوەند لە لایەن هەر هێزێك، لە پاڵ هەموو هۆکارەکانی تریش بۆ پارچە پارچە بوونی ناوەند هەر بەهۆی نەمانی دەمارگیرییەوە دەبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٦٨٩، ٦٩٠، ٨٩١)،هەموو کێبڕکێ کان لە خاڵی یەکەم لە دەمارگیری و ژیانی سادە سەرچاوە دەگرێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٧ )، لەڕووی سیاسیەوە جیاوازی بیروباوەڕ ئەوەیە کە هەر یەکە و بە شوێن دەمارگیرییەکەوەن، هەر دەمارگیرییەك ڕێگرە لەبەردەم دەمارگیرییێکی تر، هەریەکەیان خۆی بەهێزتر دەزانێت، ئەمەش ئارامی ناهێڵێت و ململانێ دروستدەکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٨٨ ).

ئامانجی کۆتای هەوڵ و کۆششەکان لە دیدی ئیبن خەلدون برتییە لە دەوڵەت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٨٣)، ململانیی گەیشتن بە ناوەندی شارستانیەت و دەوڵەت بابەتێکی گرنگی نێوان نەژادەکان بووە، لە مێژوودا هەریەك لەم نەژادانە لەبارەی چۆنیەتی گەیشتن بە هێزی زاڵ بەسەر هێزەکانی تردا خاوەن تایبەتمەندی خۆیان بوون، ململانێی بە پەراوێز خستنی هێزەکانی تر لەلایەن ناوەندخواز و هێزە هەژمونگەرەکان و ئامانجداری لە گەیشتن بە ناوەندی ململانێی مانەوە لەلایەن ئەم هێزانەی خاوەن ڕەهەند و تایبەتمەندی خۆیان بوون خاوەن نەژادەکان دەوڵەتیان پێ بنیاد ناوە و بنیاد دەنێن، ئەوانی تریش بە ناچاری دەبێت پەیڕەوی و



مجلة مركز بابل للدراسات الأنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

گوێڕایەڵی ئەم هەژموونگەرایانە بکەن (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ١٧٠)، ئەمەش سروشتیکی بنەڕەتیی دەسەڵاتە کە سەرداریکردن ڕاستییێکی پێویستە، بۆ دەسەڵاتداری ئەم پێویستیەش پێویستی بە زاڵ بوونە بەسەر ئەوانی تردا (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٤٧٨)، دەوڵەتیش سەچاوەی بەهایە و سەرچاوەی ئاوەدانیە(ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٧١ ).

ئیبن خەلدون لە تێڕوانینێکی تریدا نکۆلی لە کاریگەری ئاین وەک پایەیێکی بەهێزی ناوەندی شارستانیەت ناکات، بەڵام تارادەیەك دەوڵەت وەک ناوەڕۆکی ئەم بابەتە دادەنێت، پێی وایە دەوڵەتیش ژیانی ئاوەدانی گەشەپێدەدات، ژیانی پیشەوەری برەو پێدەدات و شاری گەورە دروست دەکات و خۆشگوزەرانی لە نێو خەڵکی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام لە لوتکەی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی دەوڵەت کەمالیاتە ئەوەش نیشانەی هەرەس هێنانە، دواتریش گەشانەوە لەناو دەچێت، چونکە بێ دەوڵەتی ژیانێکی سادەیە و پەیوەندی بەهێز لەنێو ئەندامانی خێزانەکان و ئەندامانی کۆمەڵگا دایە، ژیانی بێ دەوڵەتی ئاوەدانی چەق بەستووە، گەشانەوەش زۆر لاوازە، بۆیە شاری زۆر گەورەی تێدا بنیاد نانرێ و بەردەوامیش هەرەشەی لە سەر دەبێت (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ١٧٢، ١٨٢، ٢٠٢)، بەڵام بەبڕوای ئیبن خەلدون دەوڵەت و شار ئافرێنەری کەلتوور و پیشەی نوێ و داهێنانن، لە شاریش بوونی مرۆڤ بوونێکی کێبڕکێکارە لەسەر پیشەکان (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ٢٦٠)، ئەندێشەی مرۆڤیش عەوداڵی مسۆگەرکردنی ئەو ئامانجەیە، بۆیە کۆشش دەکات و دەگەڕێت بۆ ئەوەی مرۆڤێك بدۆزێتەوە تا ئەو بۆشاییەی کە لە شتە نەبووەکانی ژیانیدا هەیە بە زانیاریی ئەوان پڕ بکاتەوە، (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ٢، ٢٥٩).

تێڕوانینی جیاوازی ئیبن خەلدون لەو خاڵە بنیاتنراوە کە ژیان پرۆسەیەکی ئافراوی نێوان ترسەکان و پێویستیەکانە، ئینجا ئەوەش مرۆڤەکان ناچار دەکات کۆمەڵگا دروست بکەن، دەوڵەتیش دوا خاڵی ئامانجی کۆبوونەوەکەیە، چونکە لە دیدگای ئیبن خەلدوندا سەرچاوەی داهێنان و کەلتوور و پیشەکان و یاساکانیش هەر خودی دەوڵەتە، کەناوەندی شارستانیەتیش خاڵی هەربنەڕەتی ململانێکانە لەناو مێژوودا.

بەڵام لە دیدگای جیاوازی هەنتینگتۆندا شوناس لە چ ئاستێکدا بێت تاك یا نەژادی بێت، خێڵەکی شارستانیانە بێت بەگوێرەی یەکتر پێناسە دەکرێن (هەنتینگتۆن، ب.س، ١١٢)، خاڵی پێناسە لای ئیبن خەلدون ڕون بوو کە دەوڵەتە، بەڵام ئەم دیدگایە لەلای هەنتینگتۆنەوە لە کەلتوورەوە سەرچاوە دەگرێت کە شوناسە و دەبێتە پێناسەی یەکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا، لە تێڕوانینی هەنتینگتۆندا پێکدادانی بەرەها لەنێوان چینەکان نیە، هۆی پێکدادانەکان هۆیێکی کەلتوری شوناسیيە(هەنتینگتۆن، ب.س، ٢٠)، چونکە بڕوای ڕەها لە پێناسەکردن، پێناسەی شارستانیەتییە و هۆی هەموو ململانێیەکان هۆیەکەی شارستانیەتیە، هەروەها شارستانیەت خۆی پێناسەییە(هەنتینگتۆن، ب.س، ٣٥)، هەر دابەشبوونێک، دابوشبوونێکی شارستانیەتی نەبێت خاڵی ململانێە لەنێوان پێناسە کەلتوورییە شارستانیەتییەکان(هەنتینگتۆن، ب.س، ١٢٠).

لەبنەڕەتدا شارستانیەت یەکەیێکی کەلتووریی لەخۆ گرتووە کە تایبەتمەندی بەشداربووەکانیەتی هاوبەشەکەلتوورییەکان پەیوەندییەکانیان پەرەپێدەدەن(هانتینتگتۆن، ب.س، ٣٨)، هەر ئەمەش وادەکات هاوبەشەکەلتوورییەکان پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن(هانتینتگتۆن، ب.س، ٢٢)، بەڵام بەبڕوای ئیبن خەلدون پەرەپێدان ناچاریی و پێویستیە، ترسیش ڕۆڵگێڕە تێیدا، کەچی هەنتینگتۆن پێیوایە خاڵێ ترس لەیەکتر هۆکاری



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پەرەپێدانی هێزە(هەنتینگتۆن،ب.س، ٢٧،) جیاوازی دیدیگای نێوانیان کەلێنکی فراوانی شیکاری هەنتینتگتۆنە کە بڕوای وایە شارستانیەتەکانیش وەکو خێڵ و گەلن، بنیاتی سیاسیان هەیە، لە ڕووی کەلتووریەوە بەهۆی شارستانییەکەیانەوە شوناسی خۆیان دیاری کردووە(هەنتینگتۆن، ب.س، ١١٧)، لەگەل ئەم کەسانە یەکدەگرن کە ڕەچەلەک و ئایین و زمان و دەزگای هاوشێوەییان هەیە(هەنتینگتۆن، ب.س، ١٠٨) واتا کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان هەوڵدەدەن تا لەگەڵ کۆمەڵگە گەورەکاندا هاوبەشیەتی ڕۆشنبیری دروستبکەن(هەنتینگتۆن، ب.س،١١١).

ئابووری پرسێکی ڕەهانیە تەنها وەک هۆیەک سەیرکراوە، قولای تێڕوانی ئەم پرسە پەیوەستە بە هۆیە کەلتوورییە بینراو و نەبینراوەکان، ئەم هۆیانە هۆی بزواندنی مێژوو و سەرهەڵدانی ململانێن (هەنتینگتۆن، ب.س، ٤٣، ٦٢، ٦٧، ٧١، ٧٢ )، لەکاتێکدا ململانێ نێوان کۆمەڵگاکان فرەلایەنە و دەتوانێت لە تێکەڵەیەک لە هۆکارە مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەوە سەرچاوە بگرێت. چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیانە پێویستی بە تێگەیشتنێك هەیە لە هۆکارە بنەڕەتییەکان و پابەندبوون بە پێشخستنی گفتوگۆ و هاوکاری و ئاشتەوایی لە نێوان گروپە جیاوازەکاندا، بە چارەسەرکردنی نارەزایەتییە بنەڕەتییەکان و پێشخستنی ڕێزگرتنی یەکتر و کارکردن بەرەو چارەسەری یەکسان، کۆمەڵگاکان دەتوانن بەرەو ئاشتی و سەقامگیری هەنگاو بنێن(Hasrullah, 2009,.28, 62)، بەدرێژای مێژوو ململانێ جەخت لەسەر پێکهێنانی هێز دەکات بۆ بەئاڕاستەبردنی هێز (Bialoskorski, 2019,7) ئابووری پایەیکی بەهێزی مانەوەی ململانێ(Sulek, 2020, 36, 37) تەنانەت زەبر و زەنگی مێژوویی و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ڕابردوو دەتوانن بزوێنەری بەهێزی ململانێ بن (Nian, A.s, 2003,43 ).

جیاوازییەکی تری دیدگاکان دەیەوێت بیرکردنەوەکان تێکەلی دونیابینی مۆدێرن و کیشەکانی پەیوەست بە جیۆپۆلۆتیك بکات، بەڵام هەموو هۆکارەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەلتوور، لە کاتێکدا ئیبن خەلدون جوگرافیا بە فاکتەرێکی سەربەخۆ و کارلێکەر و تەنانەت جیۆپۆلتیکی کەسیش وادەبینێت کە کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەفتارو گوفتار و کردارەکانیان هەیە، بەڵام هەنتینگتۆن لەژێر ڕۆشنای کەلتوور کاریگەرییەکانی شیکاردەکات (ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤؛ هەنتینگتۆن، ب.س، ١١٩، ٢٠٤)، لەنێو کەلتووریشدا ئاین وەک هۆیەکی هەرەبنەڕەتی ئەو پێکدادانە سەیردەکات، کە لەنێوان کەلتوور و شارستانیەتەکاندا هەیە و دەبێتە بزواندنی مێژوو و قۆناغی نوێ، لەلایێکی تر ئیبن خەلدون نادادی و شێوازی ژیان و غەریزە کەسییەکان و ئابووری وەک هۆیەکی پێکدادان دەبینی، ئاینیش لە پاڵ هۆیەکانی دی سەیردەکات کە کۆکەرەوەیەکی باشی دەمارگیرییەکانە نەک بەتەنها و بە ڕەهای( ئیبن خەلدون، ٢٠١٦، ١، ٣٣٩، ٣٥٨، ٦٨٣، ٦٩٠، ٦٩١؛ هەنتینگتۆن، ب.س،٢١٣)، یەکەی سیاسی دێن و دەروخێن، هێز دێت و کۆتای پێ دێت، شارستانیەتەکان خاوەن مانەوەی حەتمیین و هەڵگری ناوەڕۆکێکی زیندوون( هانتینتگتۆن، ب.س، ٣٨)، ئیبن خەلدون لەم خاڵەدا ڕادیکالەنەتر بیریکردۆتەوە، وەک یەکەیێکی زیندوو ئاماژەی بۆ کۆتایی شارستانیەتەکان کردووە و قۆناغەکانی مانەوەشی بۆ دیاری کردوون، ڕای هاوبەشی ئەم بیرۆکەیەش تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە(بوزياني، ٢٠١٢،٣٥؛ أنتوني، ٢٠٠٥، ٦٦، ٨٣، ١٢٨ )

بوونی دیدگای جیاواز لەبارەی هۆیەکانی دروستبوونی مێژوو، لەنێوان ئەم دوو هزرمەندە شتێکی سروشتیە و بەهۆی گۆرانکاری ژیانی مرۆڤ و جیاوازی قۆناغی ژیانیانە، دیدگای ئیبن خەلدون و هاوبەشی تیۆریەکەی لەگەڵ هەنتینگتۆندا جێگای سەرەنجە، چونکە نەک بەتەنها

لەگەڵ ئەو بەڵکو لەباری ژیان و مێژوو لەگەڵ زۆر بڕیاری تری نویێ، کۆمەڵێک هۆی سەرهەڵدانی پرسی نوێتری ورژاندووە، ئیبن خەلدون زۆر بابەتیانە لەپرسی بزواندنی مێژووی ڕوانیوە، کە تاڕۆژگاری ئەمڕۆشمان پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان هەموو هزرێکی نویێ و ڕێبازی فەلسەفەی مێژووە(مؤنس، ١٩٧٨، ٣٥؛ هەنتینگتۆن، ب.س، ٢٣، ٢٥ ، ٦٧، ١١١، ٢٣٥، ٢٣٩؛ شبینغلر، ٢٠٠٥ ،١٥، ١٦، ٢٦٢، ٢٧٠؛ ویل، ١٩٨٨ ، ج٢، ٢١١؛ هاولز، ١٩٦٥، ٣٣٤، ٤٣٣؛ لنتون،٢٠١٠، ١، ٦٥) .

گومان لەوە دانیە ململانێ لەدەرەنجامی گۆڕانکارییەکانەوەیە، چونکە هەمیشە هۆکاری زۆریان لە پشتە، دەکرێت ئەمە هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی هیچ تیۆرێک نەتوانێ گشتاندنی بۆ بکات، ئەمە جگە لە قۆناغە مێژوویە جیاوازەکان و کاریگەری ژینگەی جوگرافی بۆ پرسە چارەنوس سازەکان، کاردانەوەی زۆری بەسەر تێڕوانیەنەکاندا هەیە.

**ئەنجام:**

یەکەم/ ئەم توێژینەوەیە لەسەر بنەمای یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و داینامیکی گروپی جەخت لەسەر هۆکاری ململانێ وەک هۆیەک بۆ گەشەی بزوتنەوەی مێژووی شارستانیەتەکان دەکاتەوە، جیاوازییە کولتووری و ئاینیەکانی کە ململانێکان دەبەنە پێشەوە دەستنیشان دەکات، تیشک دەخاتە سەر کارگەریی دژایەتیەکان کە ئاڵۆزی شارستانیەتەکان و هۆکارە جۆراوجۆرەکانی کارلێکی ململانێ فروانتر دەکات.

دووەم/ ئیبن خالدون جەخت لەسەر گرنگی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و بەردەوامی کولتووری دەکاتەوە، تیشك دەخاتە سەر پەرەسەندنی درێژخایەنی کۆمەڵگاکان، لەگەڵیشیدا لە ژێر ڕۆشنای ئەزموونی مێژووی گەشەی ئەقلیی، ململانێ کان و هۆی سەرهەڵدانیان شرۆڤەدەکات، لە کاتێکدا هەنتینگتۆن جەخت لەسەر ڕۆڵی شوناسی کولتووری لە داڕشتنی سیاسەتی جیهانی هاوچەرخدا دەکاتەوە، بە ڕەچاوکردنی هەردوو ڕوانگە، دەتوانین تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگا و ململانێ مرۆییەکان بەدەست بهێنین و دونیا بینی فروانتر بەدەستەوە بدەن.

سێیەم/ بۆ تێگەیشتن لەململانێیەکان، ئیبن خەلدون ڕۆڵی هێزە مێژووییەکان و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە داڕشتنی ڕەفتاری مرۆڤدا دەوورژێنێت، لەهەمان کاتدا هەنتینگتۆن لە پێکدادانی شارستانیەتەکان وامان لێدەکات لە بزوێنەری ململانێدا دەزگای تاک و گروپەکان لەبەرچاو بگرین. گرژی نێوان پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی و دەزگای مرۆیی، تیشک دەخاتە سەر یارییە ئاڵۆزەکانی نێوان هێزە مێژوویی و کردارە تاکەکەسییەکان لە داڕشتنەوەی بزوتنەوەی مێژوو لە ڕەوتی شارستانیەتەکاندا.

چوارەم/ بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و بە بیرۆکە و لێکۆڵینەوەیان لە کردارە شارستانییەکان، دیدگاکانی ئیبن خەلدون و هەنتینگتۆن دەرفەتی زیاتر بۆ گفتوگۆی کولتووری و لێکتێگەیشتنی پرسی ململانێ دەڕەخسێنن.

**ليستى سەرچاوەكان :**

**سەرچاوەكان بە زمانى كوردى/**

ئيبن خەلدون، موقەديمە، و: سعيد بەشير، بەرگى يەكەم، چاپەمەنى گەنج، (سلێمانى: ٢٠١٦).
ئيبن خەلدون، موقەديمە، و: سعيد بەشير، بەرگى دووەم، چاپەمەنى گەنج، (سلێمانى: ٢٠١٦).
خاڵ، شێخ محمدى ، فەرهەنگى خاڵ، دەزگاى چاپ و بڵاوكردنەوەى ئاراس،(هەولێر:٢٠٠٥)
مالرۆب، ميشێل، مرۆڤ و ئاينەكان، و: هيوا مەلا عەلى، چاپخانەى موكريان، (هەلێر:٢٠٠٦)
هەنتينگتۆن، پ.ساموێل، پێكدادانى شارستانيەكان، و: مامەند رۆژە، ، (ب.ش.چ: ب.س.چ)

**سەرچاوەكان بە زمانى عەرەبى/**

ابن منظور، جمال الدين أبي الفضل، لسان العرب، دار الكتب الجامعية، (د.م،ط:٢٠٠٣)
أبو الوفا، أحمد ، الوسيط في القانون الدولي، الطبعة الرابعة، دار النهضة العربية، ،(ب.م.ط: ب.س.ط)
بوزياني، فاطمة الزهراء، مفهوم الحضارة بين مالك بن نبي وابن خەلدون، جامعة أبي بكر بلقايد، ( الجزائر : ٢٠١٢)
الدوري، عبدالعزيز وأخرون، تفسير التاريخ، مطبعة الإرشاد، (بغداد: ب.س. ط)
دوفرجية، موريس ، مدخل الى علم السياسة ،ت: جمال الأتاسي-سامي الدوري، دار دمشق، (دمشق:د.ت)
س.م.لحام و اخرون، القاموس السياسي ومصطلحات المؤتمرات الدولية, دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠٠٤)
شبينغلر، أوزفالد، تدهور الحضارة الغربية، ت: أحمد الشيباني، ط١، دار مكتبة الحياة، (بيروت: ٢٠٠٥)
الشيشكلي، محسن ، مذكرات في القانون الدولي العام، جامعة الكويت، (د.م.ط: ١٩٨٤)
عتلم، شريف ، مدلول القانون الدولي الإنساني وتطوره التاريخي ونطاق تطبيقه، محاضرات في القانون الدولي الإنساني، ط٦، مطبوعات اللجنة الدولية للصليب الأحمر، (القاهرة: ٢٠٠٦)
عامر، صلاح الدين ، مجموعة الرسائل العلمية المقاومة الشعبية المسلحة في القانون الدولي، دار الفكر العربي، (ب.م.ط: ب.س.ط)
عبد اللطيف، رشاد أحمد، تنمية المنظمات الاجتماعية مدخل مهني لطريقة تنظيم مجتمع، ط١، دار الوفاء الطباعة والنشر، (الإسكندرية: ٢٠٠٧)
غدنز، أنتوني، علم الاجتماع، ت: د. فايز الصياغ، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، (بيروت:٢٠٠٥)
لنتون، رالف، شجرة الحضارة قصة الإنسان منذ فجر ما قبل التاريخ حتى بداية العصر الحديث، ط١، المركز القومي للترجمة، (القاهرة :٢٠١٠)
مؤنس، حسن، الحضارة (دراسة في أصول وعوامل قيامها وتطورها)، سلسلة عالم المعرفة، (ب.م,ط: ١٩٧٨)
المومني، واصل جميل، المناخ التنظيمي وادارة الصراع في المؤسسات التربوية، ط١، دار الحامد للنشر والتوزيع، (عمان: ٢٠٠٦)
هاولز، وليام، ما وراء التاريخ، ت: أحمد أبوزيد، (ط١)، دار نهضة مصر للطبع والنشر، (القاهرة ١٩٦٥م)

هلال، محمد عبد الغني حسن ، مهارات ادارة الأزمات- الأزمة بين الوقاية منها و السيطرة عليها، ط٢، مركز الأداء و التنمية، (القاهرة: ١٩٩٦).
ويل، ديورانت، قصة الحضارة، ت: زكي نجيب محمود، ج٢، ط١، دار الجيل للطبع والنشر والتوزيع، (بيروت: ١٩٨٨)

**سەرچاوەکان بە زمانی بیانی/**

Bialoskorski, Robert, Lukasz Kiczma, National Power Rankings of Countries2020, Oficyna Wydawnicza, (Warsaw:2019)
Brodie, Bernard, War and Politics, The Macmillan Company, (New York: 1973)
Hasrullah, Dendam Konflik Poso Periode 1998-2001, Gramedia Pustaka Utama, (Jakarta: 2009)
Liliweri ,Alo, Prasangka Dan Konflik :Komunikasi Lintas Budaya Masyarakat Multikultur, LKiS, (Yogyakarta: 2009)
Nain, A. S. dan Yusoff, R, membahas Konsep ,Teori, Isu dan Dimensi Pembangunan, Penerbit Universiti Teknologi, (Malaysia:2003)
Sudrijanta ,J ,Revolusi Batin Adalah Revolusi Sosial, Kanisius (Yogyakarta:2009)
Sulek ,Miroslaw, Measurement of national power - a powermetric mode, Geopolitics, (2020)
Tamburaka, Rustam E, Pengantar Ilmu Sejarah, teori filsafat Sejarah, Sejarah filsafat dan IPTEK, penerbit rineka cipta, (Jakarta : 1999)

**ماستەرنامە بە زمانی کوردی/**

طاهر، دیار ماهر، پێگەی کورد و ناوچە کوردنشینەکان لە ململانێی نێوان پێکهاتەکانی خیلافەتی عەبباسی و لێکەوتەکانی لە سالآنی(٣٣٤-٥٩٠ك/٩٤٥-١١٩٩ز)، نامەی ماستەری بلاونەکراوە پێشکەشکراوە بە فاکەلتی ئاداب -زانکۆی سۆران، (سۆران،٢٠٢٣)

**ماستەرنامە بە زمانی عەرەبی/**

رفاعي، احمد عبد القادر ، صراع الحضارات و اثره في الشعر العربي في العصر العباسي الاول, رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النجاح الوطنية، (نابلس:٢٠٠٣)
همزة، حيات صديق، عوامل حماية المجتمع من الصراعات في ضوء الكتاب و السنة، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الدعوة و اصول الدين، جامعة ام القرى، (مكة المكرمة: ١٩٨٩)
عسلي، نور الدين، ، إدارة الصراع وأثرها على الرضا الوظيفي للعاملين بمؤسسة مطاحن الحضنة، مذكرة مقدمة لنيل شهادة الماجستير في علوم التسيير بكلية العلوم الاقتصادية وعلوم التسيير،(الجزائر : ٢٠٠٩)

**گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی:**

العنزي، عبدالسلام حسين، ماهية النزاعات المسلحة غير الدولية و صورها،العدد ٤٠ [مجلة الحقوق للبحوث القانونية والاقتصادية بكلية الحقوق، جامعة الإسكندرية، ٢٠١٤]
رفاعي، محمد رفاعي، مشكلة الصراع في التنظيم العدد٤، مجلة الإدارة لعلم ١٩٨٠


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

مدانى، ليلى ، نقد أطروحة صدام الحضارات وواقع تحليلها ضمن مفهومي الاصولية ومفارقة الإرهاب، عدد ١٥، [مجلة دفاتر السياسة و القانون بجامعة أحمد بوقرة بومرداس، الجزائر، ٢٠١٦]

**گۆڤارەکان بە زمانی بیانی:**

Barki, Hahartwick J, Conceptualizing the Construct of Interpersonal Conflict, No15, Vol 3, [International Journal of Conflict Managment].

Sullivan, David, The Clash of Civilizations and the End of History, Vol11, [ The palgrave Handbook of Intranational Political Theory2024] .

**List of sources:**

**Sources in Kurdish/**

Ibn Khaldun , Lieutenant , W : Saeed Bashir , Volume 1 , Ganj Press , ( Sulaimani : 2016. (

Ibn Khaldun , Lieutenant , W : Saeed Bashir , Volume 2 , Ganj Press , ( Sulaimani : 2016. (

Khal , Sheikh Mohammadi , Farhangi Khal, Aras Publishing House , (Erbil: 2005(

Malrob, Michel , Man and Religions, and : Hiwa Mullah Ali , Mukriyan Printing House, ( Erbil : 2006 (

Huntington, P. Samuel, Clash of Civilizations, ed.

**Sources in Arabic/**

Ibn Manzur , Jamal al-Din Abi al-Fadl , Lisan al-Arab, University Book House , ( n.p., ed.: 2003(

Abu Al-Wafa , Ahmed , The Mediator in International Law, Fourth Edition , Dar Al-Nahda Al-Arabiya , ( n.p :.n.s.p(.

Bouziani, Fatima Zahra , The Concept of Civilization between Malek Bennabi and Ibn Khaldoun , University of Abou Bekr Belkaid , (Algeria: 2012(

Al-Douri , Abdul Aziz and others , Interpretation of History, Al-Irshad Press , (Baghdad: n.p. ed(.

Duverger, Maurice, Introduction to Political Science, trans. Jamal Al-Atassi-Sami Al-Douri, Dar Dimashq , (Damascus :n.d(.

S.M. Lahham and others ,Political Dictionary and International Conference Terminology, Dar Al-Kutub Al-Ilmiya , ( Beirut : 2004(

Spengler, Oswald , The Decline of Western Civilization, translated by Ahmed Al-Shaibani , 1st edition, Dar Maktabat Al-Hayat , ( Beirut: 2005(



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد /١٦ العدد /١٠

Al-Shishakli , Muhsin, Notes on Public International Law, Kuwait University, (n.p.: 1984(
Atlam , Sharif, The Meaning of International Humanitarian Law, its Historical Development and Scope of Application, Lectures in International Humanitarian Law, 6th ed., International Committee of the Red Cross Publications, ( Cairo : 2006 (
Amer , Salah al-Din ,Collection of Scientific Papers: Armed Popular Resistance in International Law ,Arab Thought House , (n.p.: n.s.p(.
slave kind, Rashad Ahmed ,development Organizations social entrance professional For the method to organize community, 1st edition , Dar Loyalty Printing Publishing ) ,Alexandria: 2007(
Giddens, Anthony , Sociology ,translated by Dr. Fayez Al-Sayyagh, 1st edition , Center for Arab Unity Studies, (Beirut : 2005(
Linton , Ralph , The Tree of Civilization: The Story of Man from the Dawn of Prehistory to the Beginning of the Modern Era, 1st ed. , National Center for Translation , ( Cairo : 2010(
Mounis, Hassan, Civilization ( A Study of the Origins and Factors of its Rise and Development) , World of Knowledge Series , (n.p., ed١٩٧٨ :.
Al-Momani , Wasel Jamil ,Organizational Climate and Conflict Management in Educational Institutions, 1st ed., Dar Al-Hamid for Publishing and Distribution) , Amman: 2006(
Howells, William, what behind History ,T : Ahmed Abu Zaid, ( 1st ed .) , Nahdet Misr Publishing House , (Cairo 1965 AD (
Hilal , Muhammad Abdul Ghani Hassan , Crisis Management Skills - Crisis between Prevention and Control, 2nd ed., Performance and Development Center , (Cairo: 1996.(
Will, Durant, Anecdote Civilization, T: Zki Najib Mahmoud, vol. 1st ed., wood Generation for Printing, Publishing and Distribution, (Beirut: 1988)

**Sources in foreign languages/**

Bialoskorski, Robert, Lukasz Kiczma, National Power Rankings of Countries2020, Office Wydawnicza, (Warsaw:2019)
Brodie, Bernard, War and Politics, The Macmillan Company, (New York: 1973)
Hasrullah, Revenge Conflict Poso Period 1998-2001, Gramedia Pustaka Utama, (Jakarta: 2009)
Liliweri ,Alo, Prejudice And Conflict :Cross-Communication Culture Multicultural Society, LKiS, (Yogyakarta: 2009)
Nain, US and Yusoff, R, discusses Concepts ,Theories, Issues and Dimensions Development, Publisher University Technology, (Malaysia:2003)

Sudrijanta ,J ,Revolution Inner is Revolution Sosial, Kanisius (Yogyakarta: 2009)
Sulek ,Miroslaw, Measurement of national power - a powermetric cheap, Geopolitics, (2020)
Tamburaka, Rustam E, Introduction Science History, theory philosophy History, History philosophy and science and technology, publisher rineka cipta, (Jakarta :1999)

**Maste Raname Be Zamani Kurdi/**

Tahir, Diyar Maher ,The position of Kurds and Kurdish regions in the conflict between the communities of the Abbasid Caliphate and its consequences in the years (334-590 AH / 945-1199 AD), unpublished master's thesis submitted to the Faculty of Arts - University of Soran , (Soran,2023(

**Master's Degree in Arabic/**

Rifai , Ahmed Abdel Qader, The Clash of Civilizations and its Impact on Arabic Poetry in the Early Abbasid Era, Unpublished Master's Thesis , An-Najah National University , ( Nablus(٢٠٠٣ :
Hamza , Hayat Sadiq , Factors protecting society from conflicts in light of the Quran and Sunnah , Unpublished Master's Thesis submitted to the Council of the College of Da'wah and Fundamentals of Religion , Umm Al-Qura University , ( Mecca : 1989 (
Asali , Nour El-Din, Conflict Management and its Impact on Employee Job Satisfaction At the Hodna Mills Foundation, a thesis submitted to obtain a Master's degree in Management Sciences at the Faculty of Economic Sciences and Management Sciences, ( Algeria(٢٠٠٩ :

**He used to have a terrible guitar in his time:**

Al-Anzi ,Abdelsalam Hussein ,The Nature and Forms of Non-International Armed Conflicts ,Issue 40 [Journal of Law for Legal and Economic Research, Faculty of Law, Alexandria University, 2014[
Rifai, Muhammad Rifai, The Problem of Conflict in Organizations Number 4, magazine Administration For the knowledge of١٩٨٠
Madani, Laila, A Critique of the Clash of Civilizations Thesis and Reality Analyzing it within the concepts of fundamentalism and the paradox of terrorism, Issue] , ١٥ Journal of Political and Legal Notebooks[ ]B .Ahmed Bougara University, Boumerdès, Algeria, 2016[

**Givarah was a timely statement:**

Barki, Hahartwick J, Conceptualizing the Construct of Interpersonal Conflict, No15, Vol 3, ]International Journal of Conflict Management [.
Sullivan, David, The Clash of Civilizations and the End of History, Vol11, [ The palgrave Handbook of Intranational Political Theory2024] .